## شاندێکی پایەبەرزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سەردانی سەرکردایەتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانی کرد



سەعات ١١ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە ٢٤ی بەفرانبار، شاندێکی پایەبەرزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی، بە سەرۆکایەتی کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتی و ئەندامەتی: کاك تەیمور مستەفایی ئەندامی دەفتەری سیاسی و کاك سید ئیبراهیم هاشمی، کاك رستم جهانگیری و کاك مەلا ئەحمەد رەحیمی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و رەسووڵ محمدزادە کادری سکرتاریەت، سەردانی بنکەی سەرکردایەتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانیان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی سازمانی خەبات بە سەرۆکایەتی کاك بابەشێخ حسینی سکرتێری گشتی سازمان و کاك بێهروز ئەردەڵان، سەید کامیل چاپاش، کاك محمد محمدی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کاك عەلی بەهرامی و کاك بەختیار عەزیزی جێگرانی کۆمیتەی ناوەندی بە گەرمی پێشوازی کران.

لە کۆبوونەوەیێکی دۆستانە و برایانەدا، کە لە بەشێکی دا بەرێز و تێکۆشەر مامۆستا سید جەلال الدین حسینی ئەندامی رێبەرایەتی سازمان و کەسایەتی ناوداری کوردستان ئامادە بوو، پێوەندیەکانی نێوان سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و رووداوە سیاسیەکانی کوردستان و ناوچەکە کەوتە بەر باس و هەردوولا لە سەرگەرم راگرتنی پێوەندیەکان و راوێژکردنی زیاتر لە سەر نزیك بوونەوەی، هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و بەربەرەکانی کاریگەرتر لە بەرانبەر رژیمی ستەمگەری ئاخوندی هاوهەڵوێست بوون، هەروەها لە سەر تەحریمی نمایشی هەڵبژاردنی مەجلیسی هەشتەم پێ یان داگرتەوە و بڕیاری تەحریمی هەڵبژاردنیان بە هەڵوێستێکی بە جێ و پێویست زانی.

کۆبوونەوەی نێوان سەرکردایەتی سازمانی خەبات و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ٣ سەعاتی خایاند و لە دواییدا میوانەکان بەرێزەوە، بەڕێ کران.

## سەردانی کۆمەڵە ( رەوتی چاکسازی و گەشە ) لە سەرکردایەتی سازمانی خەبات



سەعات ١٢ی پێش نیوەرۆی رۆژی چوار شەممە ٢٦ی بەفرانبار، بەرێز کاك بابەشێخ حسینی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، پێشوازی لە بەرێز کاك عومەر ئیلخانی زادە بەرپرسی کۆمیتەی سەرکردایەتی، کۆمەڵە (رەوتی چاکسازی و گەشە)ی کرد و لە کۆبوونەوەیێکی دوو سەعاتەدا، کە بەرێزان، بێهروز ئەردەڵان، سید کامیل چاپاش، محمد محمدی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و بەختیار عەزیزی و عەلی بەهرامی جێگرانی کۆمیتەی ناوەندی ئامادە بوون باسی لە هەل و مەرجی جوڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و پێوەندیەکانی هەر دوولا کرا.

## سەردانی شاندێکی پارتی ئازادی کوردستان لە سەرکردایەتی سازمانی خەبات



سەعات ٣ی پاش نیوەرۆی رۆژی پێنج شەممە ١٣ی بەفرانبار، بەرێز کاك بابەشێخ حسینی سکرتێری گشتی سازمان و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی سازمان، کە پێك هاتبوون لە بەرێزان: کاك بێهروز ئەردەڵان، کاك محمد محمدی، کاك کامیل چاپاش ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کاك عەلی بەهرامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی پێشوازیان لە هەیئەتێکی پارتی ئازادی بە سەرۆکایەتی بەرێز کاك حسین یەزدانپەناە جێگری سەرۆکی PAK و ئەندامەتی کاك شەماڵ پیران کوردناتۆری کۆمیتەی ناوەن دی کاك عەبدواللە نەسری بەرپرسی کۆمیتەی نیزامی، کاك سالار حیسامی و کاك ئامانج کولیایی ئەندامی مەجلیسی گشتی پارتی ئازادی کوردستان کرد.

لە کۆبوونەوەی نێوان هەیئەتی سازمان و هەیئەتی پارتی ئازادی، هەل و مەرجی سیاسی کوردستان بە تێکڕا و جوڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران هاتە بەرباس و هەردوولا لە سەر هەوڵەکان بۆ نزیکی زیاتر و کار لە پێناو پلاتفۆرمێك لە نێوان هێزولایەنە سیاسیەکانی کوردستان بۆ زیاتر گەرم داهێنانی جوڵانەوەی ئازادیخوازی کورد پێ یان داگرتەوە، هەروەها لە سەر هاوکاری و نزیکی زیاتر لە نێوان پارتی ئازادی کوردستان و سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران رەزامەندیان نیشان دا.

کۆبوونەوەکە سەعات و نیوێکی خایاند و دوایی، هەیئەتی پارتی ئازادی لەلایەن سکرتێری گشتی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی سازمان بە گەرمی و بەرێزەوە بەرێ کران.

***

## بەشداری هەیئەتێکی کۆمیتەی سازمانی خەبات لە رێورەسمی ٢ی رێبەندان، ٦٢ هەمین ساڵرۆژی کۆماری کوردستان لە سوئید



ئێوارەی رۆژی شەممە ١٩ی ژانوییەی ٢٠٠٨ی زایینی، بەبۆنەی رێزگرتن لە ٢ی رێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، رێورەسمێك لە سۆڵناهالێن لە شاری ستۆکهۆڵمی پێتەختی سوئێد بەرێوە چوو. لە سەر داوا و بانگهێشتی رەسمی، بەشی پێوەندیەکانی کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەیئەتێکی کۆمیتەی سوئێدی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەو رێورەسمەدا بەشدار بوون و لەلایەن هاورێی بەرێز کاك رێبوار حسێنی یەوە پەیامێك بەم بۆنەوە پێشکەش کرا.

## بەشداری هەیئەتی سازمان لە رێ و رەسمی رێزگرتن لە ٦٢ هەمین ساڵرۆژی کۆماری کوردستان



پاش نیوەرۆی رۆژی شەممە ٢٩ی بەفرانبار ١٣٨٦، رێ و رەسمێك بە بەشداری ژمارەیێك لە هێز و لایەنە سیاسیەکان کوردستانی لە بنکەی جێژنیکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٦٢هەمین ساڵرۆژی کۆماری کوردستان بەرێوە چوو، هیئەتێکی سازمانی خەبات کە پێك هاتبوون لە کاك بێهروز ئەردەڵان، کاك سید کامیل چاپاش، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی سازمان بەشداریان کرد لەو رێ و رەسمەداکرد، جێگەی ئاماژەیە چەندین ووتار خوێندرانەوە و هیئەتی سازمان ووتاری سازمانی خەباتیان پێشکەش بە بەرێوەبەرانی کۆڕەکە کرد.

## ڕاگەیێندراوی دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەسەر شەهیدکردنی، خوێندکارێکی کورد لەژێر شکە نجەی ئیدارەی ئیتلاعات

لە دوای ئەوەی لە رۆژی ١٦ بەفرانبار هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیم ئیبراهیم لوتفوڵاهی خوێندکاری زانکۆی پەیامی نووری شاری سنە دەگرن، دەیدەنە بەر شکەنجەی قورس و لە ئاکامدا بە هۆی شکەنجەی جەلادەکان شەهید دەبێ.

بەرپرسانی رژیم، بۆ شاردنەوەی جینایەتەکەیان، تەرمی ئیبراهیم لوتفوڵاهی نادەنەوە بە کەس و کاری و سەر بەخۆ دەینێژن.

کردەوەی رژیم و ناوەندە سەرکوتگەرەکانی دەرخەری دژمنایەتی قووڵی لە گەلی کورد و پێشێل کردنی سەرەتایی ترین مافی هاونیشتمانانە و تەنانەت ئەو مافەی کە رۆڵە هەلا هەلا کراوەکەیان نەتوانن بە دەستی خۆیان لە گۆڕ بنێن.

ئێمە ئەو کردەوە جینایەتکارانەی هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیم بە توندی مەحکوم دەکەین و داوا لە رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان دەکەین، لە بەرانبەر جینایەتی بێ رەحمانەی رژیمی ئاخوندی دا هەڵوێستی کاریگەر و بەپەلە بگرن.

دەبیرخانەی ناوەندی
سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
٢٨ی بەفرانبار ١٣٨٦

## رژیمی ئێران گرینگترین و گەورەترین مەترسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە

کوندولیزا رایس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند رژیمی ئێران گرنگترین و گەورەترین هەڕەشەیە بۆ خۆرهەڵاتی ناوەراست. ناوبراو رووبەرووبوونەوە لە بەرانبەر ئەو رژیمەی بە پێویست زانی.

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە کۆبوونەوەیێکدا کە لە سایتی رەسمی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا بڵاوکراوەتەوە بە ئاماژە بە سەفەری جۆرج بووش بۆ ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراست، رایگەیاندوە، ووتوێژ لە پێوەند بە رژیمی ئێران لە ئیسرائیل، لە خەلیجی فارس و تێکڕای ناوچەکە بەرێوە دەچێ، چونکە رژیمی ئێران تەنیا هەڕەشە و گرینگترین و گەورەترین مەترسی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەراستە. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گوتی: ئەو رژیمە پشتیوانی لە ترۆریست لە عێراق، لوبنان و فاستین دەکا و بەرنامەی مەترسی داری ناوکەیی هەیە، کە لە زانیاری نەتەوەیی ئەمریکاشدا شتێکی تێدا نیە دەری بخا ئەو رژیمە جێگەی مەترسە نیە.

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە ئاماژە بە بەشێك لە ڕاپۆرتی کۆمەڵگەی زانیاری ئەمریکا کە باس لە راوەستانی گەلاڵەی دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی لە ساڵی ٢٠٠٣ دەکا، رایگەیاند ئەو رژیمە چەندین ساڵ بە نهێنی گەلاڵە ناوکەییەکانی درێژە پێ دا، ئەگەر رژیم هەوڵەکان بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی کۆتای پێ هێنابێ، ئەوە بە هۆی زۆر هێنانە نێودەوڵەتیەکان بوو. هەر بۆیە دەبێ فشارە نێودەوڵەتیەکان بۆ سەر رژیم بەردەوام بن.

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە ئاماژە بە هەڕەشەکانی ئەم دواییەی گەمیە و بەلەمەکانی سپای پاسداران بۆ سەر ناوەکانی ئەمریکا لە خەلیجی فارس وریایی دا و گوتی: رژیمی ئاخوندی نابێ ئەو نەوعە کردەوە هاندەرانە ئەنجام بدا و دەبێ ئەو کردەوانەی کۆتایی پێ بهێنێ، هەر وەك سەرۆك کۆماری ئەمریکا، رایگەیاندوە ئەمریکا لە قازانجەکانی خۆی و هاوپەیمانانی دیفاع دەکا.

***